# له موزەفەری سوبحەدەم بو بەختیار عەلی



هاوڕیم بەختیار تۆ توانیت وەک ئەوەی کە خۆت دەتەوێت بمبەیت و بمهێنیت، هەر لەسەرەتا تا ئەو کاتەی لەناو دەریای وونا بەیەکەوە بووین یەکترمان باش ئەناسی، نازانم بۆ خوت لە من شاردەوە، خۆ تۆ دروستکەری من بوویت و بەردەوام دەتویست پەیامەکانی خۆت بە من بۆ ئەو خەلکە بنێریت کە لە دەریا وونن یان ئەیانەوێت وونی دەریا بن یان ئەوانەی کە لە بەندیخانەکان بێ سەر و شوێنن تۆ پەیامی خۆت بە من ناردە ناو دەستفرۆش و کاسبکارانی سەر عارەبانەکان، تۆ کەسانێکت بە من ناساند کە من پێشتر ئەو ناسینەم بۆیان نەبوو تۆ لە کەسانێکت دوور خستمەوە کە پێویست بوو لێیان دوور نەکەومەوە، جا تۆ چیت بە من نەکرد ؟؟؟
من تا ئە کاتەی کە تۆم ئەبینی لەسەر پشتی ئەو بەلەمەی کە نەمانئەزانی بە کوێمان ئەگەینێت بە هەموو ئەو کارانە رازی بووم کە تۆ پێت ئەکردم، تۆ واتکرد من بەسەرهاتی ئەو هەموو سالانە لەناو ئەو بەلەمە بگێڕمەوە، کە تۆ رۆیشتی دلم بەوە خۆش بوو کە ئەگەر منیش نەگەم بە سەریاسی سێیەم ئەوا تۆ پێی ئەگەیت من لەلای خوم تەواو نائومێد بوو ئەمزانی من تەواو هەموو سەریاسەکانم لەدەستدا، هەر ئەوەم بۆ مابوویەوە کە خۆزگە بڕوێنم لەسەر پشتی ئەو بەلەمە کوێرەی نە رێگای گەیشتنی بۆ ئەبڕدرا و نە رێگای گەڕانەوەی بۆ ئەدۆزرایەوە، هەمووو خۆزگەم ئەوە بوو کە ئەم رێگایەم نەگرتبایە بەر و لەوەیە بەقسەی تۆم نەکردبایە، دەبوایە لەوێ مابامەوە لەوێ تا ئەو کاتەی بە هەر شێوەیەک بوایە سەریاسی دووەمم لە زیندان ئازاد ئەکرد و بە هەموو شێوەیەک کۆششی ئەوەم ئەکرد کە ناوەکەی خۆی نەگوڕێت، ئا بڕوا بکە ئەمتونا ئەوە بکەم، بەلام کە تۆ ئەو جارەنووسەت بۆ هەلبژاردم ئیتر لە دەسەلاتی من نەبوو بەسەت نەکەم، ئەوە جارەنووسی خۆت بوو بە منت بەخشی ویستت لەگەلت بم نازانم بۆ ئەوەندە بە من نووسابویت بۆ هەر زوو دەسبەردارم نەبوویت و هەر زوو ئەو راستیەت نەزانی کە ئەبێ رۆژێک بێت بگەڕێیتەوە، من ئەو کات ئەمزانی تۆ ئەم رێگایە ئەخەیتە بەردەمی من و خۆشت بۆت تەواو ناکرێت، تۆ بەدوای شتێک ئەگەڕایت کە لێی بە گومان بوویت ت ئەتویست لەوێوە رابکەیت، راکردن بۆ نادیار، نەتئەزانی ئەوەی بۆی ئەچیت و منت بۆی بەڕکردوە چەند جیاوازە لەگەل ئەوێ ، ئەوێ بۆ من باشتر بوو چونکە سەریاسی دووەمی لێبوو بەس نەبوو زانیم شوێنکەی لە کوێیە خۆ تۆ منت دایە بەر رێگایەک بەدوای سەریاسی سێیەم کە تا ئێستاش نازانم ئەو شوێنە لە کوێیە تۆش نازانی کەسمان نازانین ئەوە ئەگەر تۆ لە خۆتەوە ئەوەت دروست نەکردبێت تەنها بۆ فریودانی من بەلێ تۆ پێویستت بەکەسێکی وەک من بوو ئەو رێگایەت لەگەل ببڕێت منت دایە دەست ئەم دەریایەی کە کەنارەکانی بزرکردون، من نازانم تۆ کەی و چۆن خۆت لە من شاردەوە و توانیت بگەیتەوە کەنار، ئەو کەنارانەی بەردەوام نەفرەتت لێیان ئەکرد ئێستا بە خۆشحالی خانوی لەسەر ئەکەیت، بەختیار تۆ پێت گووتم ئەو زەمینە بەتایبەت ئەوێ جێگای ئێمەی تیا نابتەوە، تۆ ووتت تەواو دەست لە سەریاسی دووەم هەلگرە وەک ئەوەی نەمابێت وایە تۆ فێرتکردم هەر ئەوانەبوون سەریاسی یەکەمیان کوشت تۆ واتکرد کەمن قێز لەوێ بکەمەوە، راستە من کەسم نەئەناسی کە ئەو قسانەی تۆیان بکەم بەلام کاتێک کە واتکرد بەسەرهاتی خۆم بگێڕمەوە من وامئەزانی هەر بۆ ئەو خەلکانەی سەر ئەم بەلەمە کوێرەیە قەت نەمئەزانی ئەم خەلکە رێگاییێکیان هەیە بۆ دەرباز بوون من نایزانم نەمدەزانی ئەوانە زۆربەی هەرە زۆریان ئەگەن و ئەو چیرۆکانەی من ئەگێڕنەوە ، ئەگەر بمزانیایە ئەوەشم بۆیان باسئەکرد کە تۆ بە زۆری پێتکردم تۆ تێتگەیاندم کە ئێمە تازە لەم خاکە جێگامان نابێتەوە ئەبێت بڕۆین منت بە گەیشتن بە سەریاسی سێیەم فریودا من ئەو

راستیەم بۆ ئەو خەلکە باس نەکرد کە من باوڕم وابوو بۆ ئازادکردنی سەیاسی دووەم بمێنمەوە تۆ منت لەگەل خۆت دایە ئەم ڕێگایە ئەو ڕێگایەی کە تۆ منت تیا لەبیر کرد، من ئێستاش نازانم تۆ چۆن خۆت لە من شاردەوە، رەنگە ڕۆژێک منیش ئەو ڕێگایە بدۆزمەوە کە تۆی پێ گەیشتیەوە سەر زەوی ئەو ڕێگایە ئەگەر بشمهێنێتەوە ئەو خاکەی کە تۆ واتکرد بەجێی بێلّم، ئەو جارەیان وەک تۆ نابم، تازە من و تۆ دوو ڕێگای جیاوازمان هەڵبژارد تۆ ناتوانی جارێکیتر بە من بگەیتەوە تۆ خۆت لە ڕێگاکەی من لادا تۆ خۆت لە من دزیەوە من ببووم بە بارێکی قورس بەسەر تۆ، تۆ ئێستا من ناناسیت و ئەو شاعیرەش ناناسیت کە بەردەوام لە گۆشەیەکی ئەم بەلەمە گوێی ئەگرت لە قسەکانمان ئەو وەکو ئەوانیتر نەبوو ئەو هەندێک شتی ئەزانی من نەمئەزانی لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر ئەوە بوو کە لێم پرسی تۆ بۆ ئەو کات ئەم ڕاستیانەت پێ نەگووتم بە خەندەیەکەوە گووتی جا تۆ چۆن باوڕت پێم ئەکرد ووتم بۆ ووتی تۆ ئەو کات عاشقی بەختیار بوویت نا نا تۆ دیلی بەختیا بوویت هیچ شتێکت نەئەبینی ئەگەر پێشتر بە چاوانی بەختیار گوزەری نەکردبایە، تۆ توانیت بە قسەی بەختیار دەسبەرداری سەریاسی دووەم بیت و پشت لە گۆڕی سەیاسی یەکەم بکەیت، ئەگەر ئەو کات باسی ئەوەم کردبا بەختیار ڕێگایەکی هەیە و بەبێ ئێمە ئەتوانێ تیای بگەڕێتەوە تۆ بەو هەموو مهریەی خۆت ئامادە ئەبووی بمکەیت بە خواردنی ماسیەکان گووتم هەندرێن سەیرە کە تو ئەوە زەزانیت خۆ من لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆم باسم لەوە نەکرد بوو کە من ئارەزووی مانەوەم هەبوو لە تەک گۆڕی سەریاسی یەکەم و باوڕم بەوە هەبوو کە تێبکۆشم بۆ ئازادی سەریاسی دووەم تۆ ئەمەت چۆن زانی هەندرێ حەمەدەمین ئەمەت چۆن زانی ؟؟؟؟؟؟؟ ئەو خۆشی نەیئەزانی ئەمانەی چۆن ئەزانی باوڕی بەوە نەبوو کە ئەمە بەهرەیەکە لە خودایەک یان لە بوونێکی سەروی مرۆڤ وەریگرتبێت چونکە هەندرێن هەر باوڕی بەوە نەبوو کە شتێک هەبێت لەسەروی مرۆڤ، بەڵام من نامەوێت ئەو باسانەی لەگەل بکەم چونکە ئەو ئەزانێ خۆی و شعرەکان ئەبن بە خواردنی ماسیەکان ئەو ئەزانیت ئەگەر بگاتە هەر کەنارێک جارێکیتر دێتەوە ناو دەریا ئەو عاشق بووە بە دەریا ئەو نایەوێت بەقسەی من بکات و چاو لە بەختیار بکات ئەو وائەزانێت بەختیار تا ئەو کاتەی کە پارچە زەویەکی نەبوو ئەیتوانی دەستی منی موزەفەری سوبحەدەم بگریت بە ئارەزوی خۆی بمبات بمهێنێت بەختیار نەیئەزانی کە بە گەڕانەوەی مزەفەر ئەوە بۆ ئەنووسێت، ئێستاش رەنگە دلّی بەوە خۆش بێت کە ئەو نامەیەی سوبحەدەم شەوێکی کورتی ناو دەریایە و بەسەر ئەچێت، بەختیار تۆ کە منت بەجێهێشت لەو کات تا ئێستا بیرت لە من کردۆتەوە؟؟ ئای کە سەیرە بیرت لێم کردبێتەوە ئای کە خۆشە بزانم چۆن بیرت لە من کردۆتەوە پێت وایە هەر لە ناو دەریام و تا هەتا هەتایە ناگەم بە کەنار؟؟ یان پێت وایە مردووم و فڕێ دراوم و دەمێکە بوومەتە خواردنی ماسیەکان ؟؟؟ بڕوا ناکەم باوڕ بکەیت کە من ئێستا لەلای سەریاسی سێیەم بم !!! ئەوەی رەنگە هەرگیز و هەرگیز بە خەیالت دانێت کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێمەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەوێ لەو خاکەی کە بەیەکەوە بەجێمان هێ‌اشت یەکتر ببینینەوە، بڕوا ناکەی لە تێگەیشتنەکانی تۆ پەشێمان ببمەوە و بێمەوە بۆ ئازادکردنی سەریاسی دووەم و هەموو هەوڕێکانی سەیاسی یەکەم بکەم بە سەریاس ئەزانم زۆر شت هەیە باوڕ ناکەیت، من کاتی خۆیش بەدزی زۆر لەو شتانم پێ گووتی بەسەت نەژردم تۆ بەردەوام خۆت بەراست ئەزانیت قەتیش ناتەوێت دان بە هەلەکانی خۆت بنێیت من دەمێکە تۆ ئەناسم مێژووی من و تۆ بۆ کەمێک بەر لە زیندانیەکەی بیابان ئەگەڕێتەوە ئەو بیست یەک سالّە تۆ لەگەلّم بوویت نەتویست باسی بەکم هەر سوور بووی لەسەر ئەوەی لە گێڕانەوەکەم بلّێم تەنیا بووم، لە هەموو رکاتەکانیتر لەگەلّم بوویت و منت بە تەنیا ناساند، ئەو کاتەی کە بەجێتهێشتم من بوومە خاوەنی بۆچون و تێگەیشتنی خۆم، تۆش بەبێ منیت یان منت لەناو خۆتدا هەڵگرتووە ئەوە هەر خۆت ئەیزانی ئەوەی کە من ئەیزانم بوونی من لە تۆی ئێستادا هیچ کەلکی نیە.........

موزەفەری سوبحەدەم